بەڵاغی کۆتایی کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول

کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لەژێر دروشمی بەدەستی چەک و بەدەستی قەڵەم ئەمڕۆمان داهێنا یەکەمین کۆنگرەی کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، کاتژمێر **10:30**ی سەر لەبەیانی شەمە ڕێکەوتی **2008/5/10** بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵە سازکرا، سەرەتا دانیشتنی بەیانی بۆ خوێندنەوەی وتارو بروسکەی پیرۆزبایی و هۆنراوەی چەند شاعیرێک لەگەڵ وتاری سەرۆکی کۆمەڵە لەلایەن سەرۆکی کۆمەڵە عەبدولواحید دیبەگەیی خوێندرایەوە و لەلایەن ئامادەبوانەوە ڕەزامەندی لەسەر درا. لەدووەمین دانیشتنی کۆنگرە کە لە دوای نیوەڕۆ بەڕێوەچوو. لیژنە ئاساییەکان پێکهات و پاشان هەریەکە لە لیژنەکان ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش بە دەستەی بەڕێوەبردنی کۆنگرە کرد، بە تێکڕای دەنگ ڕەزامەندی لەسەر داوا پیشەییەکانی کۆمەڵ و درێژەدان بە هەوڵ و تەقەڵاکان لەپێناو خزمەتکردنی ئەندامانی و چارەسەری گیروگرفتەکانیان درا. کۆنگرە بە گەرمی پشتگیری خۆی بۆ حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان پیشاندا، هەروەها دووپاتی قەڵاچۆکردن و لەناوبردنی تیرۆری کرد. لەکۆتایی کۆنگرەدا چوار بروسکە لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە ئاراستەی بەڕێزان مام جەلال سەرۆک کۆماری ئێراق و سەرۆک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرا.

تیایاندا بەڵێنی وەفاداری بۆ کوردو کوردستان دووپاتکرایەوە.

مووسڵ و پلانی لەناوبردنی قاعیدە.. تا چەند سوپای ئێراقی فیدراڵ و ئەمەریکا لەم پلانەیاندا سەردەکەون

دوێنێ سوپای ئێراق رایگەیاند: هێزەکانی بەهاوبەشی لەگەڵ هێزەکانی ئەمەریکا دەستی کرد بە هەڵمەتێکی سەربازی بۆ دەرکردنی چەکدارانی ڕێکخراوی قاعیدە لەمووسڵ کە بەم دواییە لەم شارە ڕێژەکانی خۆیان ڕێکخستووە.

لەمبارەیەوە ریاز جەلال تۆفیق سەرکردەی هێزە چەکدارەکانی ئێراقی فیدراڵ لەمووسڵ گوتی: ئامانج لەم ئۆپەراسیۆنە چەکدارانی ڕێکخراوی قاعیدەیە لەشاری مووسڵ بەو پێیەی ئەم شارە دواپێن حەشارگەکانی ڕێکخراوی قاعیدەیە لەئێراق. گوتیشی: بۆ ئەم مەبەستە هاتوچۆی ئۆتۆمبێل لەسەرتاسەری پارێزگاکە کە پایتەختەکەی مووسڵە قەدەغەکراوە. لەلایەکی دیکە سەرکردەی سەربازی ناوبراو بۆ ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتیانی شاری مووسڵ لەئۆپەراسیۆنەکە بانگەوازێکی بڵاوکردۆتەوە.

هەروەها بۆ هەمان مەبەست نوری مالیکی چۆتە مووسڵ بۆ لەنزیکەوە ئاگاداربوون لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەو لەم سەردانەشیدا تاریق هاشمی جێگری سەرۆک کۆمارو عەبدولقادر عوبێدی وەزیری بەرگری و گەورە سەرکردە سەربازییەکان یاوەری دەکەن.

گوتەبێژی فەرمی حکوومەتی ئێراقی فیدراڵ جەختی لەسەر ئەوە کردەوە مالیکی بە یاوەری جێگری سەرۆک کۆمار و وەزیری بەرگری و ناوخۆ گەیشتە مووسڵ بۆ ڕاگەیاندنی ئەو هەڵمەتە سەربازییەی دژی چەکدارانی قاعیدە کە لەمێژبوو نەخشەو پلانی بۆ دەکێشرا. جەختیشی کردەوە مالیکی زنجیرە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەرپرسانی ئاسایش لەمووسڵ ئەنجام داوە بۆ مەبەستی ئاگاداربوون لەپلانی کارکردن لەشاری مووسڵ. مالیکی دوو مانگ لەمەوبەر سەرۆکایەتی ئۆپەراسیۆنی «تەراتێنی سوارچاکان»ی لەشاری بەسرا دژی چەکدارانی جەیشی مەهدی کرد لەپێناو جولانەوە بەرەو مووسڵ کە بڕیاربوو.

شیاوی ئاماژە بۆ کردنە بۆ ئەم مەبەستە بەیاننامەیەکیان بڵاوکردۆتەوە لەبەیاننامەکەدا هاتووە لەرۆژی شەممەی ڕابردوو ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەشاری مووسڵ دەستی پێکرد بۆ ڕاوەدوونانی چەکدارانی ڕێکخراوی قاعیدە لەمووسڵ و بە ئامانج خستنی هەموو تیرۆریستە سەر لێشێواوەکانی دەرچووان لە یاسا، هەروەها دوردید کەشمولە پارێزگاری مووسڵ لەپەیوەندییەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی «الحیاة»دا جەختی کردەوە ئامادەباشییەکی سەربازی فراوان هەیە لەهەفتەی ڕابردووەوە لەناو شار بۆ دەستپێکردنی هەڵمەتێکی سەربازی و ژمارەیەک لەگەورە سەرکردە سەربازییەکان گەیشتوونەتە شاری مووسڵ بۆ بەشداریکردن لە هەڵمەتی پاککردنەوەی پارێزگای مووسڵ لەچەکدارانی قاعیدە. گوتیشی: ئەگەر ڕاستیتان دەوێت بارودۆخی ئاسایش کەڵکی بڕابوو و بەرگەی لەمە زیاتری نەدەگرت. بۆیە پاککردنەوەی مووسڵ لە «قاعیدە» ئەرکێکی هەنووکەییە لەم قۆناغەی ئێستادا پاش ئەوەی مووسڵ بۆتە کانگای تیرۆریستان کەشمولە دەڵێت: حاڵی حازر گەورە بەرپرسانی قاعیدە لە مووسڵ ژیان بەسەر دەبەن هەڵمەتی تیرۆریستی دژی خەڵکی شاری مووسڵ و ناوچەکانی دیکەی ئێراق بەڕێوە دەبەن. گوتیشی: چەند ڕۆژێک لەمەوبەر هێزەکانی ئێراق و ئەمەریکا ژمارەیەکی لێ کوشتن و بەدیل گرتن، کە لەنێوانیاندا کۆمەڵێک کەسی لەسەرکردایەتی پلە یەک و پلە دووی قاعیدەی تێدایە. جەختیشی کردەوە کۆمەڵێک خێڵی عەرەبی کە لەمووسڵ دادەنیشن ئامادەیی خۆیان پیشاندەداوە بۆ بەشداریکردن لەپرۆسەی پاککردنەوەی شاری مووسڵ لەگروپە تیرۆریستییەکان کە لە هەندێک خێڵ پێشنیازێکیان بە چەکدارکردنی ئەو خێڵانە کردووە کە دەیانەوێت بەشداری لەو هێرشە بکەن کە دەکرێتە سەر ڕێکخراوی قاعیدە لەناو شار.

محەمەد حەسەن بەگ یەک لەشێخە عەشیرەتەکانی مووسڵ پێشنیازی کردووە هێزێکی ئاسایشی بچووک لە لاوانی عەشیرەتەکان پێک بهێنن بۆ پارێزگاریکردن لەناوچەکانیان لەبەرامبەر ئەو چەکدارانەی دەیانەوێت بچنە نێو ڕیزەکانیان بەتایبەتی لەو کاتەدا کە گورزی سەربازی کەمەر شکێنیان پێدەکەوێت. حەسەن بەگ سەرنج بۆ ئەوە رادەکێشێت گرفتی ئاسایشی گەورە لە شاری مووسڵ هەیە لە ئەنجامی هاتنی ڕێکخراوی قاعیدە بۆ ناو زۆربەی بوارەکانی ژیان گوتیشی: خەمساردی حکوومەت لە دەسپێکردنی ئەم هەڵمەتە سەربازییەو مەسەلەی پێک نەهێنانی ئەنجوومەنی ڕابوون هەفتەیەکە لە شاری ناوبراو لە نێوان گروپی سەدرو هێزەکانی حکوومەتی ئێراق هەڵگیرساوە و بە دەیان کوژراو بریندار لێکەوتۆتەوە. ئەم ڕێککەوتنە لەو کاتە دێت، کە بەڵانی کەمی 13 کەس کوژران و 77ی دیکە بریندار بوون لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نێوان ئەو دوو لایەنەی، کە لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە.

جێی ئاماژە بۆ کردنە لە ناو بریندار و کوژراواندا ژن و منداڵیش بەرچاو دەکەوێن. سەبارەت بەم ڕێککەوتنەی نێوان ئیئتیلافی ئێراقی یەکگرتوو و گروپی سەدر نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی ئێراقی فیدراڵ ڕایگەیاند: ئەو خاڵانەی، کە ڕێککەوتنی لەسەر کراوە لە نێوان شاندی ئیئتیلافی ئێراقی یەکگرتوو و گروپی سەدر دوێنێ ڕاگەیەنرا. هەمان ئەو ڕێنماییانەیە، کە حکوومەتی ئێراق لەگەڵ هەموو لایەن و حزب و گروپەکان هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات. واتە خاڵەکانی، کە ڕێککەوتنی لەسەر هاتووەتە کردن هەمان ئەو جێگیریانەی کارو مامەڵەی مەیدانییەیە، کە حکوومەت لەگەڵ هەموو لایەن و ئاراستەکان و حزبەکان و گروپەکان هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات، کە دەبێت پێیوە پابەند بێت لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵیدا لە بواری دۆسیەی ئاسایشدا.

ئا/ شوان سەرابی

لوبنان... پەرەسەندنێکی ترسناکی قەیرانی سیاسی

ڕاپۆرتە هەواڵ: کەنعان بەهادین

لەماوەی سێ چوار ڕۆژی ڕابردوو بەدەیان کوژراو و بریندار بەهۆی ڕووداوەکانی لوبنان دەبنە ئامارێکی دیکەی قوربانی لەو وڵاتە، ئەمەش دوور لەهەر ڕێککەوتنێکی ستراتیژی و سیاسی لەنێوان لایەنە سیاسیەکانی ئەم وڵاتە، ئایا ئەگەر ئەمە جەنگ نەبێ ئەی جەنگ دەبێ چی بێت؟ چارەسەرییەکان تەنها لەسەر ئەوە ماوە کە سوپاکان بکشێنەوە و ئاگرەکە بکوژێتەوە، لەوەتەی جەنگی ساڵی 1975، دەیان هەوڵ دراوە کە پشێوی سیاسی لەو وڵاتە دروست بکرێ، لەهەر قۆناغێک خەڵکەکە هەستی کردووە کە کۆتایی جەنگ هاتووە.

سەرچاوەکانی هەواڵ بڵاویان کردەوە کە سوپای لوبنان نێوەندی دەکات لەنێوان حکوومەت و حزبوڵڵا، کە حزبوڵڵا پێی وایە حکوومەت بەدروستی دیراسەی بەیروتی ڕۆژئاوای نەکردووە تا ئێستاش گەورەی دەکەن و ڕەتی ئەوە دەکەنەوە کە پاشەکشەی بڕیاری سیاسی خۆیان بکەن. لەلایەن خۆیەوە سەرۆکی بە یەکگەیشتنی دیموکراتی وەلید جونبۆڵات هەڵسەنگاندنێکی تەواوی بۆ ڕووداوەکانی ئەم دواییەی لوبنان کرد ئەمەش لەچوارچێوەی ئەم هەڵمەتە بەهێزەی ڕاگەیاندن بەوەی کە لایەنگرانی جانپۆڵات دوو کەسیان لە سێدارە داوە کە سەر بە پارتی ئەهلی بوونەو بەشێوەیەکی دڕندانە ئەم کاردیان ئەنجام داوە، هەروەها لایەنگرانی ڕەوتی موستەقبەل باڵەخانەی قەریتم یان ڕووخاندووە. رایەکی دیکەی شیعەکان کۆمەڵە سیاسیەکان کە سەر بە سوننە مەزهەبن لەلایەن شیعەکانەوە هەڕەشەیان لێ دەکرێ کە کاردانەوەی خراپی دروست کردووە لەنێوان حزبوڵڵاو پارتی بزووتنەوەی هیوا، کە بزووتنەوەی هیوا زۆرینەی لوبنانیەکان پێک دەهێنن، کە هەوڵ دەدرێت لەجیهانی عەرەبی ئیسلامی بەلاوە بنرێت و حزبوڵڵا ڕەوەو پێش بکرێت کە درێژە پێدەری پلانی هیلالی شیعەیە لەناوچەکە سەرباری بوونی پارتێکی سووری کە لەم پێشهاتانەدا دەیان کەسی کوشتووە لەگەڵ بلاوبوونەوەی ڕۆحی تۆڵەسەندنەوەو کوشتار لەپایتەختی لوبنان بەیروت. بۆیە سیاسییەکان لەپێناو بەرژەوەندی گشتی بڕیاریاندا کە چەکدارانیان لەسەر شەقامەکانی بکشێننەوەو هەروەها تەسلیم کردنەوەی چەکەکانیان بەسوپای لوبنان. کە ئەرکی ئەو سوپایە پاراستنی ئەمنیەتی ئەو وڵاتەیە بە تەنها. هەروەها لەناوبردنی ئەو هەڵمەتە ئیعلامیەی کە ڕێگە بگیرێ لەبڵاوکردنەوەی هەستی بەرەنگاربوونەوەی یەکتری. بۆیە لەو کاتەوە پێویستە پارتە شیعەکەی لوبنان پشگیری لەلایەکی دیکەوە بەرپرسێکی ئەمنی بۆ ئاژانسی فرانس پرێس ئاشکرای کرد سەر لەبەیانی دوێنێ شەڕ لەباکووری لوبنان لەنێوان لایەنگران و نەیاران دروست بوو. کە چەندین کوژراو بریندار لێکەوتەوە، سەرچاوە ئەمنیەکە ڕایگەیاند، چەندین کەس ئاوارەبوون سەبارەت بەو بارودۆخەی کە ئێستا دەرگای تبانە ڕوویدا. سەرچاوەکانیش بڵاویان کردەوە کە پێکدادان لەشارۆچکەی عیتان دروست بووە لەهەردوو ناوچەی قمتاتیەو کیفۆن لەچیای لوبنان ئەمیش لەنێوان زۆرینەو ئۆپۆزسیۆن. سەرچاوەکانی هەواڵ ئەوەیان دووپاتکردەوە کە شەڕو پێکدادان لەدەرگای تبانە زیاتر پەرەی سەندووە.

لەلایەکی دیکەوە سەرۆک وەزیرانی پێشووتری لوبنان عومەر کەرامی داوای کشانەوەی خێرای چەکدارانی کرد لەهەر هەموو کوچەو کۆڵانێک و تەسلیمکردنەوەی دەسەڵات بۆ سوپای لوبنان کەرامی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی ڕایگەیاند: باشتر وایە کە حکوومەت لەبڕیاری لابردنی سەرۆکی فرۆکەخانە لەپۆستەکەی پاشگەز بێتەوە لەلایەن خۆیەوەش حزبوڵڵای سەر بە ئێران و سووریا بڕیاری کشانەوەی چەکدارانی خۆیدا، شایانی باسە ئەو شەڕوپێکدادانانەی 7 ڕۆژی خایاند 37 کوژراوی لێکەوتەوە.

حکوومەتەکەی فوئاد سەنیورە بکات، هەروەها بگەنە خاڵە هاوبەشەکان، سەرۆکی ڕەوتی موستەقبەل سەعد ئەلحەریری بڕیاری ئەوەیدا کە بەرەنگاری بڕیارەکانی حکوومەت ببێ بەوەی عەمید وەفیق شەقیری سەرۆکی ئاسایشی فرۆکەخانەی سەر بە حزبوڵڵا بگوازێتەوە بۆ لایەکی دیکە، هەروەها پەنابردن بۆ پەیوەست بوون بە پاراستنی ئەمنی وڵات و ئارامی بەو تۆمەتە جێ گۆڕکێی حکومی ئەنجام دەدەن.

ڕەوتی سەدرو حکوومەتی مالیکی... زەمینەکانی بە یەکگەیشتن

بەختەوەر

ئەگەرچی گوتەبێژێکی موقتەدا سەدری سەرکردەی ڕەوتی سەدر وەک ئاژانسی هەواڵەکانی فەرەنسا بڵاوی کردەوە ڕایگەیاند: ڕەوتی ناوبراو لەگەڵ حکوومەتی ئێراقی گەیشتۆتە ڕێککەوتنێک سەبارەت بە کۆتایی هێنان بەشەڕو کوشتار لەشاری سەدر لە بەغدا، بەڵام هیچ بەرپرسێکی حکوومەتی ئێراقی فیدراڵ ئەم ڕاگەیاندنەی پشت ڕاست نەکردۆتەوەو لێدوانی لەسەر نەداوە. تەنانەت سوپای ئەمەریکی گوتەبێژی هێزەکانی ئاسایشی ئێراق لە بەغدا بێ ئاگایان پیشاندا لەهەر ڕێککەوتنێک لەنێوان ڕەوتی سەدرو حکوومەتی ئێراقی هاتبێتە ئاراو.

ئەگەر لەسەر ئەرزی واقع ڕێککەوتنێکیش ڕووی نەدابێت و لەلایەن گوتەبێژی موقتەداوە باس لەڕێککەوتن دەکرێ، بەجۆرێک لەمانۆڕی سیاسی تەماشا دەکرێ لەڕێگەیەوە ڕەوتی ناوبراو دەیەوێ ئامادەیی خۆی بۆ دانوستان و ڕێککەوتن و تەنانەت سازش و پاشگەزبوونەوەش دەربڕێ لەژێر کاریگەری ئەو فشارە، سیاسی و ئەمنیە زۆرەی لەدژی پەیڕەو دەکرێ نەخاسمە وەک مالپەڕی هەواڵی **BBC** ئاماژەی پێ دەکات زیاتر لە **25**ی مانگی ئادارەوە شەڕوپێکدادان لەدژی میلیشیاکانی سوپای مەهدی لەشاری سەدر لەلایەن سوپای ئەمەریکی و ئێراقییەوە بەردەوامە. لەدواییەن ئامارەی ئەو شەڕو پێکدادانەش نزیکەی **19** کەس کوژراوەو **116** کەسیش بریندار بوونە لەماوەی **24** کاتژمێری ڕابردوو. ئەوەش تێبینی دەکرێ ئەوەیە لەپاڵ ئەو نەرمیەی ڕەوتی سەدر بەسەر ئاستی لێدوانی هەندێ لەبەرپرسە باڵاکانی دەنوێنێ لەبەرامبەردا حکوومەتی ئێراقی لەسەر زاری خودی نوری مالیکی سەرۆک وەزیران و هەندێ لەوەزیرەکانی ئەوە دووپات دەکەنەوە، حکوومەت چیتر چاوپۆشی لەو چەکانە نەکات لەدەرەوەی هەڵبگیرێت و شەڕ لەگەڵ هەر کەس و لایەنێک دەکات بیەوێ لەسەرووی یاساو سەروەری دەوڵەت چەک هەڵبگرێ و ئاسایش بشێوێنێ. جگە لەوەش کە حکوومەت جەخت لەسەر ئەم هەڵوێستەی لەسەر ئاستی ناوخۆ دەکاتەوە، لەهەمان کاتیش لەسەر ئاستی دەرەوەش حکوومەتی مالیکی سەردانی تارانی کردووەو لەنزیکەوە لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتە باس لەدەستێوەردانی تاران لەکاروباری ناوخۆی ئێراق و یارمەتیدانی ڕاستەوخۆی بۆ ڕەوتی سەدر کردووە. بە واتایەکی دیکە مالیکی دەیەوێ لەسەر هەموو ئاستەکان چارەسەری دیاردەی چەکداری و میلیشیاکانی بکات کە بووتە هۆکارێکی سەرەکی شێواندنی ئاسایش و تەگەرە خستنە بەردەم پرۆسەی سیاسی لەوڵاتدا. لەسۆنگەی ئەو ڕاستیانەی سەرەوەش دەکرێ پێشبینی سروشتی هەر ڕێککەوتنێک بکەین لەئایندە لەنێوان سەرانی ڕەوتی سەدرو حکوومەتی نوری مالیکی دێتە ئاراوە. بێگومان بەگوێرەی ئەو سیاسەتە ڕاگەیەنراوەی حکوومەتی ئێراق پێویستە ڕەوتی سەدر دەستبەرداری هەموو ڕواڵەتەکانی چەکداری بێت و قۆناغێکی دیکە لەژیانی سیاسی خۆی دەست پێبکات دوور لەچەک و میلیشیا، هەروەک حکوومەتی ئێراقیش نایەوێ چاو بنوقێنێ لەسەنگ و قورسایی جەماوەری ڕەوتی ناوبراو بەیەکجاری لەژیانی سیاسی دووری بخاتەوە، بەڵام ئەو مەرج و چوارچێوە لاساییەی حکوومەت داینناوە بە بڕیاری ئەنجوومەنی سیاسی باڵای ئێراق بەوەی هیچ لایەن و پێکهاتەیەکی سیاسی مافی بەشداریکردنی نییە لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوو ئەگەر خاوەنی میلیشیای چەکداری بێت و ئامادە نەبێ دەستبەرداری بێت و بیخاتە ژێر ڕکێفی یاساوە، کە چاوەڕێ دەکرێ فشارێکی ڕاستەقینە بنوێنێ لەسەر ڕەوتی سەدرو فاکتەرێکی قایل بوونی بێت بۆ دەستبەرداربوون و بلۆک کردن یان هەڵوەشاندنەوەی میلیشیای سوپای مەهدی.